# زبان ایرانی و جایگاه زبان کردی در آن

مسعود نویدی

پێشەکی گرمترین‌و بەبایەخترین سڵاوەکانی خۆم پێشکەشی هەموی ئێوە بەشدار بووان لەم کۆڕە ئەدەبییەدا دەکەم‌و لە خووای میری مەزن هیوای سەرکەوتن بۆ گشت لایەکتان دەخوازم.

بەڕێزان ئەگەر ئیجازە بدەن دەمەوێ سەبارەت بە مەوضوعی زبانە ئێرانییەکان وەشوێنی زبانی کوردی لەواندا بە ئەندازەی کاتی دیاری کراو چەند دێڕێک بە ئاگاداریتان بگەیێنم.

سەرەتا بزانین لە ئەساسدا زبان چیەوە چ دەورێک لەکومەڵدا دەگێڕێ. زبان یەکێک لە گرینگ‌ترین ئامێرەکانی گەیاندنی پەیام‌و پێک هێنانی‌پەیوەندی‌و ئاڵ‌وگۆڕ کردنی بیرو بڕواکانی فکری لەکۆمەڵە بەشەرییەکاندایە، کە هەمیشە بە پەیڕەوی لەکۆمەڵ لە تەغییرو تەبدیلدا بووە و هەیە.

زبان ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ. هەر وەک بو سەرنج دان بە ئاڵ‌وگۆڕەکانی کۆمەڵایەتی ی‌ئینسانی لە مێژو کۆمەک وەردەگرین وەهەر بەو جۆرە کە مێژو بە سەرهاتی نەتەوەو چینە جۆر بە جۆرەکان وەڕوداوەگەلێک کە بە سەریاندا هاتووە دەگێڕێتەوە مێژووی‌یەک زبانیش ئاڵ وگۆڕەکانی ئەو زبانە لە مەودای سەردەمی دەوام یا ڕەواجیدا ڕون دەکاتەوە.

بە یارمەتی سەرنج دانە مێژووییەکانی هەر زبانێکە کە دەتوانرێ هەم تەغییراتی ئەو زبانە لە ئەدواری تاریخیدا بناسرێ وە هەم یاساکانی دەستەڵاتدار بە سەر ئەو تەغییراتە بە

دەست بێت.

ئێمە کە دەمانە وێ سەبارەت بە زبانە ئێرانییەکان وە شوێنی زبانی کوردی لەواندا بدۆیین بێ شک دەبێ ئاگاداریەکی بەربڵاویشمان لە مێژوی زبان ببێت.

هەر وەک هەمومان دەزانین زبانە ئێرانییەکان شاخەیەکن لە بنە ماڵەی زبانی هێندو ئۆروپایی کە هێندو ئۆروپایی بە هۆزگەلێ دەووترێ کە لە ڕوژگارانی زۆر کۆندا لە ناوچەکانی هەڵکەوتو لە باشوری سەرزەمینی ڕوسیەی ئیمرۆیی، لە دەستەکانی نێوان سیبێری، دەریاچەی ئاراڵ، دەریای خەزەر وەقەفقازدا ژیاوون، ئەمانە تا دوایین سەدەکانی هەزارەی سێهەمی پێش لە زایین لە سەرزەمینی هاوبەشی سەرەتایی‌ی خۆیاندا دەژیان، بەڵام لەو سەردەمە بە دوا بە ناچار کۆچیان کرد کە دەتوانین بێژین یەکێک لە هۆکانی ئەم کۆچ کردنە، سەرماو سۆڵی لەڕادە بەدەری ناوچەی سیبێری بووە.

بەم چەشنە دەبینین کە ئەم هۆزانە لە سەرزەمین گەلێ لە با شوری ئاسیا تا باکوری ئۆروپا بڵاو بونەوەوە لە بەر ئەمە کە لە ناوچەگەلی جۆر بە جۆر لە ئۆروپاو ئاسیا وەک هێندوستان نیشتەجێ بون، بە ناوی هێندو ئۆروپایی ناوبانگیان پەیداکرد.

زبانە ئێرانییەکان لە مێژینەیەکی بەر بڵاو بەر خوردارن.

بۆ باشتر تێ گەییشتنی ئەم مەبەستە دەبێ بزانین کە مێژوی ئەم زبانانە بە چەند دەورە دا بەش دەبێ وەپاش ئەمەش سەبارەت بە هەر دەورەیەک بەکورتی قسەبکەین تا لە دواییدا بۆمان دەرکەوێ کە زبانی کوردی لەکامیەک لەم دەورەگەلە دا دەتوانێ قەرار بگرێ.

دەتوانین زبانە ئێرانییەکان لە سێ دەورەی تایبەتدا بگونجێنین:

سەرەتا دەورەی باستان:

ئەم دەورە مێژوویی‌ترین سەردەمە لە زبانەکانی ئێرانیدا. بێ شک لەوکاتەدا زبانگە لێ فرە لە ناوچە جۆر بە جۆرەکانی ئێراندا بەکار چووە کە داریوشی کەبیر لە کەتیبە بە نرخەکەی بیستوندا بەڕاشکاوی سەبارەت بەم مەسئەلە قسەی کردووە.

گرینگنریت زبان گەلی گونجاو لەم سەردەمەدا بریتین لە: مادی، سکایی، ئەوێستایی

وه فارسیی باستان. سەکایی زبانی هۆزه شەرکەرەکانی ئیرانی له ناوچه بەربلاوەکانی باکور تا باکوری ڕۆژ هەڵاتی ئێران بووه، که له دوایدا تیره گەلێ لەم هۆزانه له ناوچەکانی ڕۆژ هەڵاتی ئێرانیشدا نیشتەجێ بونه.

زبانی مادیش له ناوەندو ڕۆژاوای ئێران بەکار هێنراوه که بەڵگەگەلێ سەربەخۆ له دەستدا نیه، بەڵام له ساڵی ۸۵۳ ی پێش له زایین لەکەتیبەگەلی پادشاهانی ئاشوردا له هۆزی ماد ناو براوه.

فارسیی باستان له ناوچەکانی باشوریی ئێران واته وەڵاتی پارس یا فارسدا باو بووه وەهەر بەم هۆیەش پێی دەووترێ فارسی. تەنیا شوێنەوارێک که لەم زبانه به جێ ماوه، کەتیبەو نوسراوەکانی هەخامەنشییەکه گرینگترینیان کەتیبەکەی بیستونه.

ئەوێستایی یەکێ له زبانەکانی ڕۆژ هەڵاتی ئێران بووەوه چونکه ئەوێستا واته کتێبی پیرۆزی زەردو شتیان بەم زبانه نوسراوه پێیان ووتووه زبانی ئەوێستایی.

هەر کام لەم زبانانه له لێ کۆڵینەوه ئەدەبییەکاندا گرینگایەتییەکی ئەوتۆیان هەیه تا ئەو جێیەکه له دواییدا دەبینین که زبانه ئیمرۆییەکانەوه لەوانەکوردی هەر به شوێن زبان گەلەدا هاتون.

دوای ئەم چەند دێڕەکه سەبارەت به دەورەی باستان به ئاگاداریتان گەیشت باش وایەکه له درێژەدان به مەوضوعەکه، ئاماژەیەکیش بکەین به دو دەورەی دوای ئەم ئەم دەوره. له دوای دەورەی باستان دەگەینه دەورەی میانەی زبانەکانی ئێرانی:

زبانەکانی سەردەمی میانه له مەودای زەمانیی ساڵانی ۲۵۰ی پێش له زایین تا ۶۵۱ ی زایینی له سەرزەمینی ئێراندا بەکار هێنراوون. لەمانه بەڵگەگەلێ نوسراو له زبانەکانی پەهلەویی ئەشکانی، پەهلەویی ساسانی، سۆغدی سەکایی، بەلخی وەخوارەزمی به جێ ماوه که به دو دەستەی سەرەکیی زبانەکانی دەستەی ڕۆژ هەلاتیو ڕۆژاوایی دابەش دەبن. ڕۆژ هەڵاتییەکانی بریتین له: سۆغدی، سەکایی، بەلخی وه خوارەزمی و ڕۆژاواییەکانیشی به دو زبانی باکوریو باشوری دابەش دەکرێن که باکورییەکەی زبانی

سەرزەمینی پارت وە باشورییەکەی زبانی سەرزەمینی پارس بووە.

خوشکو برایانی خۆشەویست! بەم چەشنە توانیمان سەبارەت بە دو دەورەی باستانو میانەی زبانەکانی ئێرانی، ئاگاداری گەڵی بە دەست بهێنین.

لە درێژەی باسەکە، دەگەینە سێهەمین دەورە بە ناوی دەورەی نوێی زبانەکانی ئێرانی کە زبانی بە نرخو شیرینی کوردی لێرەدا دەتوانین بدەینە بەر باسو لێ کۆڵینەوە.

بەڵێ، دەورەی نوێ یا جەدید، دوایین دەورەیە لە مێژی زبانەکانی ئێران.

بە دوای هێرشی عەرەبەکانو لە ناو چونی دەستەڵاتداریەتی ساسانیان، بەڵکو لە مەودای یەک دو سەدەدا، ئێرانیان خەطی خۆیان لە پەهلەوی یا پارسیک بە خەطی فارسی تەغییر دا. وە بۆ ئەمەکە بتوانن ئاواگەلی زبانیی خۆیان باشتر نیشان بدەن، ئاڵو گۆڕ گەڵێکیان لەم خەطەدا پێک هێنا.

سەردەمی نوێی زبانە ئێرانییەکان، سەردەمێکە کە زیاتر لە پەنجا زبان دەتوانن تیایدا بگونجێن، بەڵام گرینگترینیان ئەمانەن: فارسیی نوێ یا دەری، کوردی، بەلوچی، پەشتو وەتاجیکی.

بێ شک دەورەی نوێی ئێرانییەکان بە دوای دەورەی میانەدا پێک دێت. هەر کام لە زبان گەلی گونجاو لەم، سەردەمەدا باسو لێ کۆڵینەوەی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام چونکە ئێمە دەمانەوێ لێرەدا لە بارەی زبانی کوردی، بدوێین، باس کردن لەوانە دەنێینە کەنار وەدەچینە سەر باسی زبانیکوردی.

زبانیکوردی دوای زبانی فارسی، لە نێوان زبانەکانی دەورەی نوێ فرەترین بێژەری هەیە.

لە متونی سەدەکانی سەرەتاییی ئیسلامیو هەر وەها لە کارنامەی ئەردەشیری بابەکان، قسە لە پیتی کورد کراوە کوردەکان جگە لە ئێران و عێراقو تورکیە لە کۆمارەکانی ئەرمەنستانو گۆرجستان وەتاڕادەیەکیش تورکەمەنستان وە هەر وەها لە کۆماری سوریەو باکوری خۆراسان وە چەند شوێنیتر لە ئێرانا، نیشتەجێن.

بەڵام ئایا هەموی ئەمانە بە یەک زاراوە قسە دەکەن؟

له وەڵام دا دەبێ بێژین کە نە تەنیا بە یەک زاراوە قسەناکەن، بەڵکو لە بابەت بەکار هینانی زاراوە، کوردی دەتوانێ یەکێ لە بەر بڵاوترین زبانەکانی دنیا بێت. بەربڵاویی زبانی کوردی نە تەنیا نیشانەی لێک جیا بونی هۆزەکانی کورد لەیەکترنیە، بەڵکو بە پێی زانیارییەکانی کۆمەڵایەتی و تیجتماعی، یەکی لە نیشانەکانی دەوڵەمەندی ئەم زبانەیە.

بۆ گەیشتن بەم ڕاستییەکە زبانی کوردی شوێنێکی تایبەتی لە ناو دیکەی زبانەکانی ئێرانیدا هەیە، بیر هێنانەوەی ئەم نوکتەکافییەکە کوردی بە عینوانی یەکێ لە زبانە ڕەسەنەکان، ڕیشەی لە زبانەکانی هێندو ئۆروپایی دا هەیەوە ئەگەر چی لە دەورەی نوێدا دەیدەینە بەر باس لێ کۆڵینەوە ئەمە بەم مەعنانیەکە لە مێژینەیەکی ڕوناک لە دو دەورەی باستانو میانە دا بەرخوردار نەبووە، بەڵکە بەم مەعنایەیەکە لە دەورەی نوێدا بە ئەو پەڕی گەشانەوەو پەڕو باڵ لێدانی خۆی گەیشتووە.

زبانی کوردی لە نێوان زبانەکانی دەورەی جەدید دەتوانێ لە گرینگترینو بە بایەخترینی ئەوانە لە دوای فارسی بە ئەژمار بێتو جێگەیێکی بەر چاو بو خۆی لە ناویاندا تایبەت بدات.

هەبونی سەدانو بەڵکو هەزاران شاعیرو هۆزەوانو نوسەری بە ناوبانگ، پسپۆڕان، ئەدیبان، مێژو نوسانو زانیاران لە ناو گەلەکەماندا، چ لەم ڕۆژگارەداو چ لە ڕۆژگارانی زۆر کۆندا، مزگێنی دەرو بەیانگەری گرینگایەتی ئەو تۆی زبانەکەمان لەم دەورەو لە دەورەکانی پێشودایە.

لە ئاسمانی ئەدەبیاتی کوردیدا هەزاران ئەستێرەی پرشنگ دار درەوشاوونو ئەدەبیاتەکەمانیان لە تاریکیو سەرگەردانیو مەترسی لە ناو چون نەجات داوەو پتر لە ڕابوردو دەستیان داوەتەگەشەپێدانو بڵاوکردنەوەو هەر چی دەوڵەمەندکردنی ئەو.

هەر ئەمەکە لە مەودایٚ تاریخدا زبانەکەمان توانیویەتی ڕۆژگارانی پڕ لە سەختیو سەغڵەت پشت سەر بنێتو بەم چەشنەکە ئیمڕۆ دەبینین بگاتە دەستمان، خۆی دەتوانی دلخۆشی یەکی فراوان بۆ هەمو ئێمە بێژەران بەم زبانە پیرۆزە بێت.

ئێمه ئه‌گه‌ر سه‌رنجێک بده‌ینه مێژوی دیکه‌ی زبانه‌کان، بۆ وێنه زبانه‌کانی باکوری باکوری قاره‌ی ئافریقا، بۆمان ڕون ده‌بێته‌وه که زۆربه‌ی زۆری ئه‌و وه‌ڵاتانه‌که ئیمڕۆ به عه‌ره‌بی ووت‌و وێژ ده‌که‌ن، پێش له ڕوهێنانی ئه‌عراب بۆ وێ، هیچکام له‌وانه عه‌ره‌ب نه‌بونه به‌ڵکه به عه‌ره‌بی ته‌بدیل کراوون. بۆ وێنه زبانی وه‌ڵاتی میصر، هه‌ر وه‌ک ده‌زانین پاشماوی زبانی میصری باستان واته قیبطی بووه‌که عه‌ره‌به‌کان له‌کاتی ڕۆهینانیان بۆ وێ ده‌یکه‌نه عه‌ره‌بی.

هیچ دور نه‌بووه‌که کوردیش ئاوا چاره‌نوسێکی به‌ سه‌ر دا بهاتایه وه ئیمڕۆ که خه‌به‌رێک له زبان‌و ئه‌دبیاتی کوردی نه‌بوایه، ته‌نانه‌ت ده‌بینین که فارسیش بۆ ماوه‌یه‌ک له‌گه‌ڵ ئه‌و مه‌ترسی یه‌ڕوبه‌ڕو ده‌بێ به‌ڵام شاعیران‌و ئه‌دیبانێ وه‌ک ڕوده‌کی‌و فرده‌وسی هه‌ڵده‌که‌وون‌و له‌و چاره‌نوسه شومه ده‌یهێننه ده‌ر.

هیچ قه‌رینه‌یه‌کی مێژویی له ده‌ستدا نیه‌که نیشان بدات زبانی کوردی حتتا بۆ ماوه‌یه‌کی زۆر که‌میش به‌ره‌وروی ئه‌و مه‌ترسی‌یه چو بێت.

به‌ڕێزان ئیستا بۆ ئه‌مه‌که زیادتر ئاگاداری شوێنی تایبه‌تی زبانی کوردی له ناو زبانه‌کانی ده‌وره‌ی جه‌دید بین سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی تا ئیستا ووتراوه، باش وایه‌که به چه‌ند مه‌به‌ستی تریش به‌کورتی ئاماژه‌یه‌ک مان ببێت: زبانی کوردی له بواری نه‌حوی وه‌هه‌ر وه‌ها به‌کار هێنانی پیت‌و وانه، زۆر زۆر ده‌وڵه‌مه‌نده‌وه ئه‌مه‌ش نه ته‌نیا به قسه به‌ڵکو له گۆڕه‌پانی عه‌مه‌لدا به ڕاستی گه‌یشتووه‌که له شوێنه زانستی یه‌کان وه هه‌مو ئه‌و شوێنانه‌که زبان و ئه‌ده‌بیاتی کوردی تیایاندا ته‌دریس ده‌کرێ ئه‌م ڕاستی‌یه بو هه‌موان سه‌لمێنراوه.

له تایبه‌تمه‌ندیه‌کانی تری زبانه‌که‌مان که ئه‌مه‌ش به چه‌شنێک گرینگی ئه‌وراده‌گه‌یێنێ دابه‌ش بونی به دو ده‌سته‌ی: زبانی نوسین (کتابت) وه زبانی ووت‌و وێژی ڕۆژانه (محاوره)یه.

هیچکات له نوسینی ڕه‌سمی دانابێ به چه‌شنی ووت‌و وێژی ڕۆژانه قه‌ڵه‌م سه‌ر کاغه‌ذ بنێین‌و ده‌ست بکه‌ین به شکسته‌نوسی.

سەدان تایبەتمەندیتر لە زبانەکەماندا کە هەرکام باسی تایبەتی خۆی هەیە دەتوانین ناو بەرین کە ئێمە لێرەدا هەر بەم چەند گوڵبژێرە قەناعت دەکەین وەشوێن گرتنی باسەکە دەنێینە ئەستۆی خوێنەرانو ئەدەبدۆستانی بەرێز.

ئەدیبان، شاعیران، مامۆستایانی ئایینی، مامۆستایاتی زانستگەکانو قوتابخانەکان، خوێندکارانی خۆشەویست پزشکان، ئەندازیاران، بازاریان وە دیکەی تۆیژەکانی کۆمەڵ! هەرکام لە ئێوە بە سەرنج دان بە هەمو ئەم ڕاستییانە، دەبێ پاسەوانانو پارێزەرانی بە ئەمەگی زبانە پیرۆزەکەتان، زبانی کوردی بنو ڕۆژ بە دوای ڕۆژئاگاداریی خۆتان لەودا بەربڵاوتر لە جاران بکەنو ئەم سەوقاتییە بە نرخە لەو پەڕیگە شەو غینا و دەوڵەمەندیدا بۆ داهاتووانو ڕۆڵەکانی سبەینێی ئەم وەڵاتە بە جێ بهێڵنو وەها پتەوڕاگری بکەن کە تا دنیا دنیایە مەترسیی زەوالو فەساد ڕوی تێ نەکات وە بزانن کە ئەم ئاواتە بەدی نایەت، مەگەر قۆلی هەیممەتی لێ هەلمالنو بە عەمەل دەست بدەنە ئەم کارە گرینگە.

زبانی کوردی ئەگەر چی لەگەڵ چەند ربانێکی تر وەک: بەلوچیو پەشتو وەتاجیکی لە ڕستەیەکدا قرار دەگرێ بەڵام بە تێ بینی لە ژماری بێژەرانی ئەم زبانە وە بەربڵاوی ناوچەگەلی جۆغرافیایی کە تیایاندا نیشتە جێن، تەنانەت دەتوانێ لەمانە.زۆر بە بایەختر بە ئەژمار بێت، چونکە هەر دەستە لە بێژەرانی زبانگەلی ناو براو لە ناوچە مەحدودو دیاری کراوەکاندا مەوجودن، لە حاڵێکدا دەبینین کە سنورە جۆغرافیاییەکانی زبانی کوردی لە چەندین وەڵات تێ پەڕدەبێتو مەحدودەیەکی وەسیع دەگرێتە بەر.

بەریزان!! باسەکە هەروا سادەو ساکار داوایی نایەت بەڵام بە پێی کاتی دیاری کراو ئیتر ناتوانم لە مە زیاتر لە خزمەتداندا بم. دوبارە لە خوای میری مەزن داوای سەرکەوتن ئەکەم بۆگشت لایەکتان لە هەمو بوارەکانی ژیان، بە تایبەت بواری خزمەت کردن بە زبانو ئەدەبیاتەکەمان. ئیتر هەر شادو سەرکەوتو بن

والسلام علیکمو رحمەالله